لەدوای مەرگ

# وێنەیەكی نوێی ئـەنـفــال

سالّح بێچار

كورد بەگشتیو نەوەی نویْ بە تایبەتی وا فێركاراوەو راهێنراوە هەر كە وشەی ئەنفال كەوتە بەرچاو و گوێی، بێسێودوو وێنەیەكی سەدامو عەلی كیمیاییو سوپایەكی تۆكمەو پڕ چەكی ئاسمانیو زەمینی بێتە بەر دیدەی خەیاڵی.

لە دوای سەردەمی ئەنفال–یشەوە لە نووسینو شیعرو چیرۆكو لاوانەوەو لاڵانەوەو بەیتو بالۆرەكانیشماندا هەمیشە لە یەك گۆشەی تەقلیدییەوە رووناكیمان خستۆتە سەر دڕندەیی سەرانی بەعسو بێدەنگبوونی دنیای كەڕو كوێری بەرژەوەندییەكانی ئەو سەردەمو رۆژگارە، هاوكات نەتەوەی كوردیشمان لە بەرامبەر ئەنفالدا وەك نەتەوەیەكی زوڵملێكراوی داماوی بەقوربانیكراو باسلێكردووە.

رەنگە ئەو وێناو بۆچوونانەی سەرەوە بەشێكی زۆر راستییان تێدابێت، بەڵام هەتا ئەمڕۆ كە بیست سالْ بەسەر ئەو رووداوە كەموێنەیەدا تێدەپەڕێت، خودی كورد نەیزانیوە یان نەیوێراوە یاخود پێینەكراوە لە گۆشەیەكی جیاوازترەوە بڕوانێتە ئەنفال، بە واتایەكی تر با ئەمجارە سەدامو رژێمەكەیو هەلومەرجی سیاسیو ئابووریی ئەو كاتەو هەموو فاكتۆرەكانی پشت پرۆسەی ئەنفال لێگەڕێینو تەنها لە نێوان دوو كەوانەدا بڕوانینە (كوردو ئەنفال).

واتە كورد خۆی تا چەند هۆكاری زەمینەخۆشكردنی بیرۆكەو جێبەجێكردنی پرۆسەی ئەنفال بووە، لە ئەقڵی نەخۆشی بەعس–دا.. ئاخۆ خودی كارەكتەری كورد لە باری فیزیكیو هزرییەوە تا چەند درامای ئەنفالی لە ئەندێشەو وەهمێكی پڕ گومانەوە كردۆتە واقعێكی هەستپێكراوی حاشا هەڵنەگر.

لە مێژە ژمارەیەكی بیْ ئاماری وەك (182000؟) مێشكو مێژوومانی داگیركردووە، گریمان ئەو ژمارەیە دروست وایەو هێندە مرۆڤی كورد لەو درامایەدا بوونەتە قوربانیی،

شایانی بەراوردە هەر لە ئانوساتی ئەنفال-دا دەیانو سەدان فەوجی خەفیفەو جاشو مەفرەزە خاسەو ئەمنو تەواریو حەرەس جمهوریو...هتد لە نێو ریزەکانی هێزە چەکدارەکانی بەعس-دا بوونیان هەبوو، کە تەنانەت تەنها ژمارەی چەکدارانی فەوجەکانی خەفیفە لە سەروو (دوو سەد هەزار)ەوە بوون، واتە لە خوی پرۆسەکەدا ژمارەی جەلادانی کورد لە ژمارەی قوربانییەکانی زیاتر بووە!

بۆیە دەکرێت لەمڕۆ بەدواوە لەم گۆشە نوێیەوە بڕوانینە ئەنفالو لە کایەو بوارە جیاوازەکاندا توێژینەوە سەبارەت بە بەشداریکردنی کورد لە ئەنفالکردنی کورددا بکەین، هەڵوێستە بکەین لەسەر خەمساردیی کورد لە نەبوونی ئینتیمایەکی نەتەوەییو مرۆیی بۆ خودی خۆی، بەڵگە زۆرە کە چەندین جاشو چەکدار گوندەکانی خۆیان سوتاندووەو تەقاندۆتەوە.

بۆچی مرۆڤی کورد (چەکدارانی رژێم!) بێ هیچ هەڵوێستەو رامانو بەرگرییەك ئامادەی پراکتیزەکردنی ترسناکترین نەخشەی سەرسەختترین دوژمنی نەتەوەکەی خۆیان بوون.. کە بێگومان بێ بەشداریی ئەو ژمارە زۆرەی (چەکدارانی کورد)، ئەستەم بوو ئەنفال بگاتە ئەو ئاستەی کە گەیشت.